# Narrative movement in a novel (The Walkers in the Night)

**Najm Khalid Najmuldeen(Alweni)**
Department of Kurdish Language, College of Language, Salahaddin University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2471.08*
*Published: 21/07/2024*

## Abstract

In every fictional text, two major movements together form what is narrative criticism called the rhythm of the narrative. They work in two different directions. One of them speeds up the narration movement, while the second stops this movement. The movement of the narration is sped up by two techniques: deletion and summarization, while stopping is done through the technique of description. Except for these two techniques, another technique leads to balancing acceleration and stopping, which is called the scene technique. These techniques all work to organize the internal movement of the text while it is being narrated. In our study of the movement of the text, we took the novel (Shawgarakan - The Walkers in the Night) by the Kurdish novelist (Miran Abraham) as an applied model to know the role of these techniques in organizing the narrative rhythm in that novel. This is done by talking about the most important techniques known in narrative criticism with the technique of (deletion, summarization, scene, and description) to know how to organize the internal rhythm adopted by the aforementioned novelist. Our research comprises three axes. In the first, we dealt with narration acceleration techniques. In the second, we dealt with the technique of balancing the narrative moves through the scene, and we took dialogue to do so. As for the third, we devoted it to talking about the technique of stopping the movement of the narration by taking the description as a model for that. In writing this research, we have adopted the integrative criticism approach, believing that form and content form an integrated unit that cannot be isolated from each other. Especially while talking about the technique of dialogue and description, which occupy a large space in the fictional text and work on the birth of social connotations, including in particular the intellectual connotations that lead to the emergence of a difference in the vision of the characters during their participation in the event's making and the development of the dramatic conflict within the text.

***Keywords:*** *narration movement, deletion, summarization, dialogue, description, Shawgarakan.*

# جووڵەی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (شەوگەڕەکان)دا

**پ. ی. د. نەجم خالد نجم الدین (ئەڵوەنی)**

**A. P.D. Najm Khalid Najmuldeen(Alweni)**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر، هەرێمی کورستان – عێراق

alwaninajm5@gmail.com

## پوخته:

لەبەر ئەوەی دەقی ڕۆمان پێکدێت لە حیکایەت و گێڕانەوە، بۆیە بە گشتی هەموو ڕۆمانێک دوو جووڵەی سەرەکی تێدا هەیە. یەکەمیان، پەیوەندی بە حیکایەت و دووەمیان پەیوەندی بە هەیە. هەردوو جووڵەکەش پەیوەندییان بە ڕووداوەوە هەیە. لە گێڕانەوەدا ڕووداو گێڕانەوەوە گۆڕانی بەسەردێ، پاش و پێشی پێ دەکرێ، کورتدەکرێتەوە، یان لادەبردرێ، یاخود زیاتر لەو هەروەها دەکرێ ڕووداوێکی کورتخایەن درێژە بە گێڕانەوەی بدرێ هەڵدەپەسێرێ، ماوەیەی لە حیکایەتدا دەیخایەنێت. بە واتایەکی دی، هەرگیز زەمەنی گێڕانەوە هاوتای زەمەنی حیکایەت نییە تەنیا لە مەشهەددا نەبێ کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی زەمەنی گوتن و زەمەنی لەم پرۆسەیەدا ڕۆماننووس پەنا بۆ هەندێ تەکنیک دەبات بۆ گێڕانەوەیان یەکسان دەبێ. ئەوەی جووڵەی ناوەوەی دەقەکەی پێ ڕێکبخات وەک: (لابردن، کورتکردنەوە، دیالۆگ، وەسف)، بەهۆی ئەمانەشەوە جووڵەی گێڕانەوە، خێرا دەبێتەوە یان هاوتەریب دەبێ، یاخود تووشی وەستان دەبێ.

لەم توێژینەوەدا، کە تایبەتکراوە بە (جووڵەی گێڕانەوە لە ڕۆمانی شەوگەڕەکان)ی (میران ئەبراهام)دا کار لەسەر ئەو تەکنیکانە دەکەین، بۆ ئەوەی بزانین ئەم ڕۆماننووسە چۆن جووڵەی گێڕانەوەی لە ناودەقی ڕۆمانەکەدا ڕێکخستووە. هەروەها لەم توێژینەوەدا کارمان

لەسەر ئەوەکردووە، کە تەکنیک وەک شێوە و واتا وەک ناوەرۆک لێکجیانابنەوە، بە تایبەتی لە دیالۆگ و وەسفدا، کە ڕووبەرێکی گرنگ لە ڕۆمان پێکدەهێنن و ڕۆڵیان هەیە لە دروستبوونی واتا و ناساندن و جیاکردنەوەی کارەکتەرەکان لە ڕووی هزری و ڕۆڵیان لە دروستکردنی ململانێ و بەشداریکردنیان لە ڕووداوەکاندا.

**وشە کلیلییەکان:** جووڵەی گێڕانەوە، لابردن، کورتکردنەوە، دیالۆگ، وەسف، شەوگەڕەکان.

## جووڵەی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (شەوگەڕەکان)دا

### پێشەکی:

جووڵەی گێڕانەوە، بناغەی هونەریی ڕۆمان پێکدەهێنێ، چونکە ڕووداوەکان بەگوێرەی زەمەنی ڕوودانیان بەسەر چەند ئاراستەیەکی جیاوازدا دابەشدەبن، ئەو ئاراستانەش بریتین لە جووڵەی گێڕانەوە لە نێوان ئێستا و ڕابردوو، یان بە پێچەوانەوە. هەندێ جار وەسف ڕێگری دەکات لەو جووڵەیە و لە شوێنی خۆی ڕایدەگرێ، کەچی هەندێ جار وەسفەکان بە شێوەیەک تێکەڵی گێڕانەوەکان دەبن، کە هەست بە وەستانی ئەو جووڵەیە دەکرێت. لەم سۆنگەیەوە ڕۆمانی (شەوگەڕەکان) [(١)] مان کردووەتە کەرەستەی ئەم توێژینەوەیە.

کارەکتەری سەرەکی ناوی (مارتن)ە، کە خەڵکی هۆڵەندایە و دانیشتووی شاری (ئەمستردام)ە. لە بنەماڵەیەکی هونەرییە، کە پیشەیان هونەری شێوەکارییە لەدایکبووە. ڕۆماننووس بە درێژایی ڕۆمانەکە کە (٣٦٨) لاپەڕەیە، زیاتر باسی ژیان و بەسەرهاتی ئەم کارەکتەرە و دایک و هاوڕێ و دۆستەکانی دەکات. بێجگە لە (سەلیم عومەر عەبدولڕەحمان)ی میسری کە ماوەیەکی زۆر لەگەڵ مارتندا هاوزیندانی دەبن.

زەمەنی سەرەکیی حیکایەتەکە زیاتر لە ساڵ و نیوێک دەخایەنێ، لەپاڵ چەندین ساڵی دیکە کە دەکەونە دەرەوەی زەمەنی حیکایەتی سەرەکی و ڕۆماننووس بە فلاشباگ لەڕێی زەینی (مارتن و سەلیم و کارل)ەوە بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەو ساڵانە دەگەڕێتەوە. لەم دەقەدا، ڕۆماننووس سەرجەم ڕووداوەکان لەڕێی خودی کارکتەرەکانەوە دەگێڕێتەوە و ئەمەش وایکردووە گێڕانەوەکە خەسڵەتێکی درامی وەربگرێ و بگێڕەوە بە ئاشکرا دەرنەکەوێ تەنیا لەڕێی هەندێ تەکنیکەوە نەبێ، کە بناغەی جووڵەی گێڕانەوەکە لە ڕووی زەمەنەوە دادەمەزرێنن.

**کێشەی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەدا دەمانەوێ وڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە:

ئایا جووڵەی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا بووەتە هۆی ئەوەی جیاوازی لە نێوان بنیاتی حیکایەت و بنیاتی گێڕانەوەدا دروستببێ...؟

ڕۆماننووس چۆن سوودی لە تەکنیکەکانی لابردن و کورتکردنەوە و مەشهەد و وەسف وەرگرتووە بۆ ئەوەی ڕیتمی ناوەوەی دەقی ڕۆمانەکەی ڕێکبخات...؟

**میتۆدی توێژینەوە:** لە نووسینی ئەم توێژینەوەدا پشتمان بە میتۆدی ڕەخنەی تەواوکەری بەستووە، کە لە یەک کاتدا بایەخ دەدات بە لایەنی هونەری و لایەنی واتایی لە شیکردنەوەی دەقی ئەدەبیدا.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانج لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە بزانین لەم ڕۆمانەدا جووڵەی گێڕانەوە چۆن ڕێکخراوە و بەمەش دەمانەوێت ئەوە دەربخەین کە گێڕانەوەی ڕووداو چۆن کاریگەری لەسەر ئەو جووڵەیە دروستدەکات.

**بایەخی توێژینەوە:** بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە یەکەمجارە باسی جووڵەی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا دەکرێت، چونکە بەگوێرەی زانیاریی ئێمە پێشتر باسی ئەم بابەتە لەو ڕۆمانەدا نەکراوە.

**سنووری توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە تایبەت کراوە بە باسی جووڵەی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (شەوگەڕەکان)ی (میران ئەبراهام)دا.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە جگە لە ئەنجام و پوختە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و لیستی سەرچاوەکان، سێ تەوەرەی سەرەکی لەخۆگرتووە، کە تێیدا باسی خێراکردنی جووڵەی گێڕانەوە، و هاوتەریبکردنی جووڵەی گێڕانەوە، و وەستانی جووڵەی گێڕانەوەی تێدا کراوە.

## تەوەرەی یەکەم: خێراکردنەوەی جووڵەی گێڕانەوە

لەبەر ئەوەی ڕۆمان کۆمەڵێ کارەکتەری تێدایە و هەر کارەکتەرێک بەناو چەندین ڕووداودا تێپەڕ دەبێ، بۆیە ڕۆماننووس ناچار دەبێ پەنابەرێتە بەر هەندێ تەکنیک بۆ خێراکردنەوەی

گێڕانەوە و خۆڕزگارکردن لە درێژدادڕیی بێزارکەر، ئەمەش بە تایبەتی لە کورتکردنەوەی گێڕانەوە و نەگێڕانەوەی هەندێ ڕووداودا بەکاردەهێنێت. لە یەکەمیاندا پەنا دەباتە بەر کورتکردنەوە و لە دووەمیاندا پەنا دەباتەبەر لابردن. هەموو ئەمانەش پەیوەندییان بە زەمەنی لەبارەی چەمکی خێراکردنەوەی گێڕانەوەوە (سیزا قاسم) دەڵێ: "سروشتی ڕووداوەوە هەیە. دەقی ڕۆمان جیاوازە لە ڕووی پەیوەندیی نێوان زەمەنی ڕۆمان و ئەو برگە دەقییانەی کە ئەو ماوەیە دەگرێتەوە. ژیرار ژنێت بەم پەیوەندییە دەڵێ: (خێرایی دەق). خێرایی بریتییە لە ڕێژەی نێوان درێژیی دەق و زەمەنی ڕووداو. بەم شێوەیە دەکرێ خێرایی دەق بە گونجانی نێوان بەردەوامی (بەردەوامیی ڕووداو) پێوان بە چرکە یان خولەک یاخود سەعات یان ساڵان، و درێژی (درێژیی دەق) پێوان بە وشە، یان دێڕ، یاخود لاپەڕەکان بپێوین" (قاسم: ٢٠٠٤، ص٧٧).

خێرایی کردنەوە و خاوکرنەوە و وەستانی گێڕانەوە، سێ کرداری گرنگن کە ڕیتمی گێڕانەوەی دەقی ڕۆمان ڕێکدەخەن. ئەوەی پەیوەندی بە خێراکردنەوەوە هەبێ، پشت بە دوو کردار دەبەستێ کە لە ڕەخنەی ڕۆماندا بە (لابردن) و (کورتکردنەوە) ناسراون. باسنەکردنی ئەو ڕووداوانەی گریمانە دەکرێ لە حیکایەتدا هەبن و لە گێڕانەوەدا دەرنەکەون، پێی دەگوترێ لابردن (فضل: ١٩٩٢، ص٢٠ـ ٢١). ئەم تەکنیکە لە هەموو ڕۆمانێکدا پەنای بۆ دەبردرێ، ئەگەرچی دەکرێ ڕێژەکەی لە ڕۆمانێکەوە بۆ ڕۆمانێکی دی جیاواز بێ.

لە ڕۆمانی (شەوگەڕەکان)دا کەمترین ڕێژەی لابردن بەکارهاتووە و ماوەکەی دەکەوێتە نێوان چەند ڕۆژێک و چەند هەفتەیەکەوە. ئەو ڕووداوانەی لەو چەند شوێنەدا لابراون، بە هیچ شێوەیەک لە گێڕانەوەدا دەرنەکەوتوون. هەموو لابردنەکانیش لە جۆری دیارینەکراو، واتە ماوەکەیان لە ڕووی زەمەنەوە نەزانراوە، کە چەندی خایاندووە. کارل لە باسی بیرەوەرییەکانی خۆیدا کە بۆ مارتنی دەگێڕێتەوە، ئاماژە بەوە دەکات کاتێ تەمەنی شازدە ساڵ بووە (پیتەر)ی برای بڕیاریداوە وەک (داروین) دەست بە گەشتێکی دەریایی بکات بێ ئەوەی بە باوک و دایکی بڵێ و تەنیا ئەم ڕازەی لای ئەو درکاندووە. لە باسی ئەو سەرەڕۆییەدا، کارل دەڵێ: "دوای چەند ڕۆژێک، باوکم و خەڵکی دێکەمان لە گەڕاندا بوون و

پاشان هەموو دانیشتووانی دوورگەی تیسلیشیی لێ ئاگادار کرایەوە، ئێنجا لە میدیاکانی سەرتاسەری هۆڵەندا بڵاوبووەوە، کە گەنجێک بەو ناوونیشانە، بە بەلەمێکی چارۆکەدار لە دەوروبەری کەنارەکانی دوورگەی تێسل بێسەروشوێنە..." (ئەبراهام: 2019، ل336). لەم کۆپلەیەدا، خوێنەر نازانێ لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا، پیتەر چی کردووە و چۆن ژیاوە و چی بەسەر هاتووە. لەبەرئەوەی بنیاتی گێڕانەوەی دەقەکەش، بنیاتێکی درامییە و بگێڕەوە وەک هەمووشتزانێک ڕێی پێ نەدراوە زانیاری لەسەر ئەو کارەکتەرە بە خوێنەر بدات، بۆیە تا هاتنەوەی پیتەر لەو گەشتە نازانرێ لەو ماوەیەدا چی کردووە و چۆن ڕووبەڕووی شەپۆلەکانی دەریا بووەتەوە و بۆ دابینکردنی خۆراک پشتی بەچی بەستووە.

کاتێ مارتن لە میسر دەگیرێ و بەوە تاوانبار دەکرێ کە گوایە بە یارمەتیی مۆسادی ئیسرائیلی دوو ئەندامی بزووتنەوەی حەماسی کوشتووە، بە تەنیا لە ژوورێکی زیندانی دادەنێن، پاش ماوەیەک سەلیم عومەر عەبدولڕەحمان کە بە تاوانی ئەندامبوون لە بزوونەوەی حەماس گیراوە، دەیهێننە هەمان ژوور، ئیتر ڕۆژ بە ڕۆژ ئەمانە دەبنە هاوڕێ و پێکەوە شەو و ڕۆژ دەگوزەرێنن، ئەمەش ئاسوودەیی بە هەردووکیان دەبەخشێ، ئەگەرچی لە ڕووی هزرییەوە ئەمانە خاوەنی دوو هزر و هەڵوێست و بیرکردنەوەی جیاوازن. ڕۆژێکیان پاسەوانەکان دێن و بۆ ماوەیەک سەلیم لەگەڵ خۆیان دەبن و مارتن بە تەنیا دەمێنێتەوە. پاش تێپەڕینی ماوەیەک سەلیم بۆ هەمان ژوور دەگێڕنەوە. مارتن دەڵێ: "چەند حەفتەیەک دوای گەڕانەوەی سەلیم، سەرلەبەیانی زوو لە خەو بە ئاگا هاتمەوە، بەلێشاو دەزوولەی تیشکی خۆر خۆیان ترنجاندبووە نێو ژوورەکەوە، بە ئەستەم دەمتوانی چاوەکانم هەڵبرم..." (ئەبراهام: 2019، ل175).. لەم کۆپلەیەشدا ئەو ماوە دیارینەکراوە کە (سەلیم)یان لە مارتن جیاکردووەتەوە و خوێنەر نازانێ لەو ماوەیەدا چی بەسەر سەلیمدا هاتووە و چۆن ڕەفتاریان لەگەڵدا کردووە. هەروەها لەم کۆپلەیەدا ئاماژە بەوە نەکراوە، کە مارتن لە ماوەی بردنی سەلیمدا چۆن ڕۆژ و شەوی بە تەنیا بەسەربردووە و خودی سەلیمیش هیچی لە بارەی بردنەکەیەوە بۆ مارتن باس نەکردووە و مارتنیش لەو بارەیەوە پرسیاری لە سەلیم نەکردووە.

لەبەر ئەوەی ئەم ڕۆمانە، ڕووداوی زۆری تێدایە، بۆیە هەر ڕووداوێک بەلای ڕۆماننووسەوە ئەوەندە گرنگ نەبووە هەوڵیداوە بە کورتی بیخاتە نێو دەقەکەوە بۆ ئەوەی کەلێنی زۆر نەکەوێتە گێڕانەوەکەوە. لەم ڕۆمانەدا دەیان ڕووداو بەر کورتکردنەوە کەوتوون، ماوەکانیشیان دەکەوێتە نێوان سەعاتێکەوە تا دەگات چەندین ساڵ. ئەم کورتکردنەوەیە یەکێکە لە نیشانەکانی دەرکەوتنی بگێڕەوەی درامیی ڕۆمانەکە، هەروەها یەکێکە لە ئەرکەکانی ئەو، چونکە کارەکتەر ئەو دەسەڵاتەی نییە ڕووداوەکان کورتبکاتەوە.

لەبەر ئەوەی گێڕانەوە بە گشتی دوو شێوازی سەرەکی هەن، کە ئەوانیش گێڕانەوەی (پانۆرامی) و گێڕانەوەی (درامی)ن، و ئەم ڕۆمانەی (میران ئەبراهام)یش بەگوێرەی شێوازی درامی گێڕانەوەکەی ئەنجامدراوە، بۆیە بگێڕەوەکەی هەمانشتزانە و زانیارییەکانی هاوتایە بە زانیارییەکانی کارەکتەر وەک تۆدۆرۆڤ بە سوودوەرگرتن لە بۆچوونەکانی (هێنری جێمس) و (پێرسی لۆبووک) لە باسی جیاوازیی نێوان ئەو دوو شێوازەدا ئاماژەی پێداوە (تودوروف: ١٩٩٢، ص٦٤)، ئەوا بگێڕەوە بۆی نییە بە ئاشکرا خۆی لە دەقەکەدا پیشانبدات و تەنیا نیشانە بۆ حزووری ئەم بگێڕەوەیە هەندێ تەکنیکە کە لە گێڕانەوەدا بەکاریاندەهێنێ وەک کورتکردنەوە، جەختکردنەوە لەسەر هەندێ بەسەرهات، بەکارهێنانی مەشهەد، پێشخستن و دواخستنی هەندێ ڕووداو (ابوناضر: ١٩٧٩، ص١٠٩). کەواتە کورتکردنەوە یەکێکە لە نیشانەکانی دەرکەوتنی بگێڕەوەی ئەم ڕۆمانە، کورتکردنەوەکانیش پەیوەندییان بەو ڕووداوانەوە هەیە کە لە ژیانی زۆربەی کارەکتەرەکاندا ڕوویانداوە و ئەمەش تایبەت نییە بە ڕووداوەکانی ژیانی کارەکتەری سەرەکی کە ناوی (مارتن)ە، بەڵکو پەیوەندی بەو ڕووداوانەشەوە هەیە کە لە ژیانی کارەکتەرە لاوەکییەکانیشدا ڕوویانداوە.

مارتن زۆر بە کورتی باسی چوار ساڵی ژیانی زانکۆ و پێکەوەبوونی لەگەڵ (کارمن) دەکات، کە پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ یەک کۆی کردبنەوە و دەڵێ:" دەتوانم بڵێم، پەیوەندیی من و کارمن، تاوەکو ئەمڕۆیش هێشتا لە چوارچێوەمان نەگرتووە و ناوونیشانێکمان پێ نەداوە، پێم وابێت چەند ساڵێک پێش ئەو شەوەبوو، شەوی دوای ئەو ڕۆژەی لە شاری

ئەمستردام پێکەوە لە زانکۆی ئەمستردام دەرچووین، هەردووکمان بەشداریی ئاهەنگی دەرچوونمان کرد، شەوی دوای ئەو ڕۆژە، لێکجیابووینەوە و ماڵئاواییمان لە یەکتری کرد، کارمن گەڕایەوە بۆ بەلجیکا و منی بەجێهێشت" (ئەبراهام: 2019، ل12).. لێرەدا مارتن بە ڕوونی و بە تێری باسی چۆنیەتیی گوزەراندنی ئەو چوار ساڵەی زانکۆ و ئەو چوار ساڵەی پەیوەندیی نێوان خۆیی و(کارمن)ی نەکردووە و بە خێرایی و بە کورتی ئاماژەی پێداون. لە هەمان لاپەڕەدا بە کورتی ئاماژە بە یەکێک لەو چاوپێکەوتنانەی خۆی و کارمن دەکات کە پاش تەواوکردنی زانکۆ بڕیاریاندابوو ساڵی جارێک یان دووجار بەیەک بگەن و سەفەر بۆ پاریس یان بۆ شارێکی ئیتالیا بکەن. لە باسی حەفتەیەکی پێکەوەبوونیان لە ڕۆما، تەنیا باسی دوو ڕۆژی ژیانی خۆیان لە ئوتێلێکی ئەو شارە دەکات و دەڵێ:" ئەو حەفتەیەی لە ڕۆما بووین، دوو ڕۆژی یەکەم، لە ژووری ئوتێلەکە نەهاتینە دەرەوە، هەستمدەکرد ژوورەکەمان لە تێکەڵبوونی ئارەقەی هەردووکماندا بۆگەنی کردبوو، ئەو بۆنەی هەرگیز لووتەکانم لێیان پاکنابێتەوە، بۆنی تێکەڵاوبوونی هۆرمۆنی دوو دڵدار". لەم بڕگەیەدا مارتن زۆر بە کورتی و لەڕێی هەندێ ئاماژەی وەک بۆنی ئارەقە و تێکەڵاوبوونی هۆرمۆنی دوو دڵدارەوە باسی پەیوەندیی سێکسیی نێوان خۆیی و کارمن دەکات کە دوو ڕۆژی بەردەوامی خایاندووە، بێ ئەوەی چۆنیەتیی ئەو کردارە سێکسییە بە وردی و بە شێوەیەکی وروژێنەر بگێڕێتەوە.

یەکێک لە کارەکتەرە لاوەکییەکانی ئەم ڕۆمانە ناوی (سامان)ە، ماوەیەک لە ئەمستردام دەژی، کوردی عێراقە و هونەرمەندێکی شێوەکارە، پاشان لەناکاو بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە، ئەم کارەکتەرە هاوڕێی مارتن و (سمکۆ فەرهاد)ە. لە باسی کاتی هاتنی سامان بۆ هۆڵەندا سمکۆ دەڵێ:" کاتێک سامان هات بۆ هۆڵەندا، من دەساڵێک بوو لە هۆڵەندا بووم"(ئەبراهام: 2019، ل37).. لەم کۆپلەیەدا، نە بگێڕەوە و نە خودی سمکۆش هیچیان لە بارەی ئەو دە ساڵەی ژیانی ئەمەوە باس نەکردووە. واتە نووسەری ڕۆمانەکە تەنیا یەک ڕستەی بەکارهێناوە بۆ ئاماژەدان بەو ماوە درێژە.

لەبەر ئەوەی سەلیم عومەر عەبدولڕەحمان کە کوڕی ئاغایەکی میسری بوو، بەهۆی کوشتنی فاتمەی خوشکی و هەڵاتنی دایکی لە دەست مێردەکەی کە دەکاتە باوکی سەلیم و بە هۆکاری کوشتنی کچەکەی دەزانی، و لەبەر ئەوەی ڕۆژانە پاش هەڵاتنی دایکی لەلایەن براکانییەوە تانەی هەڵاتنی دایکیان بەڕوودا دەدا، بۆیە بە ناچاری ماڵی باوکی جێدەهێڵێ و ڕوو لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر دەکات. ئەم کارەکتەرە لەبەر نەبوونی و بێکاری و بێجێیی، ماوەیەک لەسەر شەقامەکانی قاهیرە دەنوێ و دوایی لە داخدا ڕوو لە مادەی هۆشبەر دەکات. پاشان بە تاوانی ئەندامبوون لە بزووتنەوەی ئیخوان دەگیرێ و لە دادگا حوکمی تاهەتایی زیندانی بەسەردا دەسەپێنرێ. هەموو ئەم باسانەش لەڕێی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی خۆی بۆ مارتنی هاوژووری زیندان دەگێڕێتەوە و لە کۆپلەیەک کە پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەی سەر شەقامەکانەوە هەیە دەڵێ: "بەخوای گەورە ئەوە چەندین ساڵ بوو، تەنیا لە نیلدا مەلەم دەکرد"(ئەبراهام: 2019، ل189).. لەم قسەیەدا ئەوە دەردەکەوێ کە ئەو کارەکتەرە چەند هەژار و بێنەوا و بێپوول بووە. لێرەدا بگێڕەوە بێ گوێدانە وردەکارییەکانی ئەو خۆشوشتنە، تەنیا بە کورتی ئاماژەی بەو ساڵانە داوە کە سەلیم ئەم کارەی تێدا کردووە.

هانس فان ڕاین و مارتای هاوسەری کە دوو کارمەندی باڵیۆزخانەی هۆڵەندا بوون لە میسر، و بەدیار مارتنەوە لە نەخۆشخانە بوون کە بە بریندار لە بیابان دۆزرابووەوە، ئەوان لە نێو خۆیاندا باسی ئەوە دەکەن کە لەوانەیە سەلەفییەکان دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرن و لە قسەکانیاندا دیارە دەیانەوێ لە ترسا بگەڕێنەوە بۆ هۆڵەندا. مارتن گوێی لە قسەکانی ئەوان دەبێ و دەڵێ: "بەردەوام باسی ئێستا و ئەوسای خۆیان دەکرد، بە قسەکانیاندا دیاربوو، کە دوای دە ساڵێک ژیانیان لە میسر، بیانەوێت، بە زووترین کات بگەڕێنەوە بۆ هۆڵەندا"(ئەبراهام: 2019، ل315).. لێرەدا ڕۆماننووس تەنیا بە چەند دێڕێکی کەم، لە ڕێی مارتنەوە ئاماژە بە دە ساڵ لە ژیانی ئەو دوو کارمەندە دەکات بێ ئەوەی باسی چۆنیەتیی ژیان و گوزەرانی ئەوان لەو دە ساڵەدا بهێنێتە نێو تەونی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەوە.

**دووبارەبوونەوە**، جۆرێکی تری شێوازی گێڕانەوەیە لەم ڕۆمانەدا. ئەم تەکنیکەش لە ڕۆماندا باوە و مەبەست لە بەکارهێنانی دووپاتکردنەوەی هەندێک ڕووداوە، هەروەها ئەرکێکی دیکەی کورتکردنەوەی ئەو ڕووداوانەیە کە دەکرێ ڕۆژانە و زۆرجار دووبارەببنەوە. لە بارەی ئەم تەکنیکەوە گوتراوە: "دوا جیاکەرەوەی سەرەکیی نێوان زەمەنی گوتار و زەمەنی وێناکراو بریتییە لە (دووبارەبوونەوە)، بۆ ئەمەش سێ جۆرە توانای تیۆریمان لە بەردەمە:

١ـ گێڕانەوەی تاک: یەکجار گێڕانەوەی ئەوەی یەکجار ڕوویداوە.

٢ـ گێڕانەوەی دووبارەبووەوە: چەند جار گێڕانەوەی ئەوەی یەکجار ڕوویداوە.

٣_ کۆگێڕانەوە: یەکجار گێڕانەوەی ئەوەی چەند جارێک ڕوویداوە." (طودوروف: ١٩٩٠، ص٤٩). جۆری یەکەمی ئەو پۆلێنە بە شێوەیەکی ئاسایی درێژە بە گێڕانەوەی ڕووداوێک دەدات. جۆری دووەمیش، دەبێتە هۆی خاوکردنەوەی گێڕانەوە، چونکە چەند جارێک یەک ڕووداو دەگێڕێتەوە، کەچی جۆری سێیەمیان مەبەستی ئێمەیە، چونکە ڕۆڵی کورتکردنەوە لە گێڕانەوەی ڕووداوە دووبارەکراوەکاندا دەگێڕێ. ئەمەش لە چەند شوێنێکی ڕۆمانی (شەوگەڕەکان)ی (میران ئەبراهام)دا بەکارهاتووە. لەم ڕۆمانەدا هەندێ ڕووداو چەندین جار ڕوویانداوەتەوە، کەچی لە دەقەکەدا یەکجار گێڕانەوەیان بۆ کراوە، ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی کورتکردنەوە. سەلیم عومەر چەندین جار هەوڵی خۆکوشتنی داوە، و ئەم ڕووداوە دووبارەکراوە یەکجار لەلایەن پزیشکی زیندانەکەی میسرەوە بۆ مارتن باسکراوە و ئەو پزیشکە لەکاتی عیادەت کردنی مارتندا پرسیاری دۆخی تەندروستیی سەلیم عومەر لە مارتن دەکات و ئەم دیالۆگە لە نێوانیاندا دروست دەبێ: "تاوەکو منیشتان هێنا بۆ ئێرە، مابوو!

ـ مردن بەو ناوێرێت، خەمی سەلیمت نەبێت، پێش ئەوەی تۆ بێیت بۆ ئێرە و لەو ژوورەدا ببیت بە هاوەڵی، ئەو زیاتر لە بیست جارێک، هەوڵی خۆکوشتنی دابوو"(ئەبراهام: 2019، ل272)..

ئەو بیست جارە بۆ یەکجاریش پێشتر باس نەکراوە و لێرەدا یەکجار خراوەتە نێو گێڕانەوەکەوە.

لەبەر ئەشکەنجە و برسێتی و ئیهانەی ڕۆژانە، مارتن لە زینداندا تووشی تێکشکانی دەروونی و ناساغیی تەندروستی دەبێ و هەست دەکات مردن دەیەوێ زەفەری پێ بەرێ، هەروەها ئیسلامییە توندڕەوەکانیش هەر لەوێ، چەند جارێ هەوڵی کوشتنی دەدەن، کەچی دەڵێ نازانم بۆ تا دوا هەناسە، سەرسەختانە بەرەنگاری مردن دەبوومەوە. لەم بارەیەوە باسی چەندجارە بوونەوەی ئەو ڕووداوە دەکات و یەکجاریش لە کۆی ئەو جارانە خراوەتە دەقەکەوە و مارتن دەڵێ: "کاتێک لەناو تەرپی ژوورەکەمدا بریندار و کفت و پرزەلێبڕاو کەوتبووم، ئەوەی نەمدەویست ڕادەستی بم و باوەڕی پێ بێنم لەو ساتەدا، مردن بوو، بۆچی تا دوا هەناسەم سەرسەختانە بەرەنگاری دەبوومەوە؟ چەند جارێک پێش ئەو ڕۆژەشەش، سارد و سڕیی مردنم لە جەستەی تێکشکاومدا هەست پێ دەکرد، گومانم لەوە نییە، کە لەو ڕۆژانەوە لە جەستەی مندا مردن هێلانەی کردبێت..." (ئەبراهام: 2019، ل295)..

کاتێ مارتن وەک نوێنەری مۆزەخانەی ئەمستردام ڕەوانەی میسر دەکرێ بۆ سەردانی مۆزەخانەی نیشتمانیی میسر لە قاهیرە، بە تاوانی کوشتنی دوو ئەندامی بزوتنەوەی حەماس، کە گوایە ئەو بە هاوکاریی مۆسادی ئیسرائیلی ئەم کارەی ئەنجامداوە، دەستگیردەکرێ و بۆ ماوەی چەند مانگێک لە زیندان دەمێنێتەوە و پاشان لە بارودۆخێکی ئاڵۆز و ناڕووندا بە برینداری دەبینرێتەوە و دەهێنرێ بۆ نەخۆشخانە لە شاری قاهیرە. لەوێ (مارتا فان ڕاین) کە کارمەندێکی باڵیۆزخانەی هۆڵەندایە و بۆ چاودێریی تەندروستیی مارتن لە نەخۆشخانە دەبێ، لە وەڵامی پرسیارێکی مارتندا ئاماژە بەوە دەکات کە کارل لە ماوەی بێهۆشیی ئەمدا شەو و ڕۆژ لە لای ماوەتەوە. پاشان مارتن دەربارەی دایکی پرسیار لەو کارمەندە دەکات: "ئەی دایکم؟

پاش تاوێک بێدەنگی، مارتا بێ ئەوەی لێم بڕوانێت، سەرێکی داخست و بە غەمگینییەوە گوتی: ئێمە هەموو بە داخ بووین، شێرپەنجە بواری پێ نەدا بەتۆ شادببێتەوە، چەندین جار بەو نەخۆشییەوە بۆ سۆراغی تۆ بەمانگ لێرە بوو، مرۆڤێکی ئەوەندە جوان و پڕ بەهرە، شایانی ئەوە نییە بە نەخۆشیی شێرپەنجە ئاوا بە زەلیلی بمرێت" (ئەبراهام: 2019، ل317). ئەو چەند

جارەی سەردانی دایکی مارتن بۆ میسر و هەوڵی گەڕان و سۆراغکردنی مارتن لە لەیەن ئەوەوە، تەنیا یەکجار، ئەویش لە زاری کارەکتەرێکی لاوەکییەوە ئاماژەی پێکراوە، بێ ئەوەی ڕۆماننووس باسی چۆنیەتیی ئەو سەردانانە بکات و وردەکارییەکانی لێرەدا بخاتەڕوو، بەمەش جووڵەی گێڕانەوەی دەقەکە خێرا کراوەتەوە و تەکنیکی کورتکردنەوەی تێدا بەکارهاتووە.

سەبارەت بە هەمان بابەتی سۆراغ و گەڕان بەدوای مارتندا، کارل کە هاوڕێ و دۆستێکی (ئەیفا سەلەمۆ)ی دایکی مارتن بوو بەم جۆرە باسی ئەو هەوڵانەی خۆی و دایکی مارتن، بۆ مارتن دەگێڕێتەوە و دەڵێ: "چەندین جار لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکانی ئەو وڵاتەوە، بانگەوازمان بڵاوکردەوە، تەنانەت دایکت خۆی دووجار چووە سەر تەلەڤزیۆن و بە دەنگ و ڕەنگی خۆی بانگەوازی کرد" (ئەبراهام: 2019، ل325).. پێشتر لە دەقەکەدا باسی ئەو بانگەوازانە نەکراوە و لێرەشدا تەنیا یەکجار و بە کورتی لە ڕێی (کارل)ەوە باسکراوە. بەمەش بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن کۆگێڕانەوەی دووبارەکراوە ڕۆڵی هەبووە لە خێرا کردنەوەی جووڵەی گێڕانەوەی دەق لەم ڕۆمانەدا.

**تەوەرەی دووەم: هاوتەریبکردنی جووڵەی گێڕانەوە**

ئەگەر وەک بینیمان لەڕێی لابردن و کورتکردنەوەوە، جووڵەی گێڕانەوەی دەق خێرا ببێتەوە، و ئەو تەکنیکانە ڕۆڵیان هەبێ کە ڕووبەری ڕووداو لە حیکایەتدا فرەوانتر بێت لە ڕووبەری دەق لە گێڕانەوەدا، ئەوا بۆ هاوتەریبکردنی جووڵەی گێڕانەوەی دەق لە نێوان ئەو دوو ڕووبەرەدا، زۆرجار ڕۆماننووس پەنا دەباتە بەر تەکنیکی دیمەن (مەشهەد) بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێژەیی زەمەنی حیکایەت یەکسان بێت بە زەمەنی گێڕانەوە، یان زەمەنی گوتن، چونکە دیمەن ئەوەیە کە تێیدا" هەردوو زەمەنەکە بەرانبەر دەبن، زەمەنی حیکایەت و زەمەنی گوتن وەک ئەوەی لەڕێی خودی دەقەکەوە بەرجەستە دەبێت" (فضل: ١٩٩٢، ص٢١).

دیالۆگ نموونەیەکی بەرچاوی ئەو تەکنیکەیە و لەڕێی دیالۆگەوە زەمەنی حیکایەت و زەمەنی گوتن تا ڕادەیەکی زۆر لەیەک نزیکدەبنەوە، ڕۆماننووس ئاخاوتنی کارەکتەرەکان بە

جۆرێک دەخاتە نێو گێڕانەوەوە کە زەمەنی گێڕانەوەکەی هاوتای هەمان زەمەنی گوتنی بێت لە نێو حیکایەتەکەدا.

لەبەر ئەوەی زەمەن پێوەری یەکسانییە لە نێوان حیکایەت و گوتاردا، بۆیە وەک (سیمۆر چاتمان) دەڵێ:"لە مەشهەددا بە شێوەیەکی ڕێژەیی زەمەن لە نێوان حیکایەت و گوتاردا یەکسان دەبێ، تەواو وەک ئەوەی لە دیالۆگدا ڕوودەدات" (ایکو: ٢٠٠٥، ص٩٥).

بە گشتی لە ڕۆمانی (شەوگەڕەکان)ی (میران ئەبراهام)دا، سروشتی دیالۆگەکان، کورتن و زۆرجار وەسف و ڕستەی گێڕانەوەی ئاسایی دەکەوێتە نێوان بڕگەی ئاخاوتنی کارەکتەرەکانەوە. بۆ نموونە لە یادی پەنجاساڵەی لەدایکبوونی دایکی مارتندا، مارتن بەدیارییەکەوە، کە تابلۆیەکی هونەریی دەستکاری خۆی بوو، دێتەوە بۆ ماڵ و دەبینێ کەسێکی نەناسراو لە چێشتخانەکەی ماڵەوە لەگەڵ دایکی خەریکی ئاهەنگگێڕانە و پێکەوە شەراب دەخۆنەوە و گۆرانی دەڵێن، بێ ئەوەی ئەوان ئاگایان لێ بێ، کە مارتن هاتووەتە ژوورەوە و تەماشایان دەکات، دواتر بە سەرسامییەوە لەویان ڕوانیوە و ئەم دیالۆگە لە نێوانیاندا دروستبووە، کە دابەشبووە بەسەر لاپەڕە (٥، ٦، ٧، ...هتد). مارتن دەڵێ: "دایکم بزەیەکی بۆکردم و بە دەنگێکی نووساوەوە گوتی:

- چۆنی ئازیزم، ئەوە دەمێکەیە لێرەیت؟

ڕوو بە ڕووی یەک چووین و لەسەر سووچی مێزی نانخواردنەکە، باوەشمان بەیەکدا کرد، زۆری نەبرد خۆی لە باوەشمدا ڕاپسکاند، دەستی گرتم و ڕای کێشام بۆ لای کەوانتەرەکەوە و گوتی:

- ئەڵێم مارتن، با کەسێکی تایبەتیت پێ بناسێنم!

پیاوەکە خۆی ڕاست کردەوە و دەستی درێژکرد بۆ تەوقەکردن لە گەڵمدا، کاتێ دەستم لەناو دەستی نان، ئەو گوتی:

- من کارلم، کارل لاوتین.

چاوم بڕییە چاوەکانی، ڕوویەکی گەشاوە و دەمێکی بە پێکەنین، چاوەکانی لە تەڕیدا شەوقیان دەدایەوە، قژێکی زەردباوی لوول، کە بە ئاڵۆسکاوی بەلایدا خستبوو(...) ڕووم لە کارل کرد و پێم گوت:

ـ من مارتنم".

لە دیالۆگێکی دیکەی نێوان مارتن و دایکی، لە لاپەڕە (٢٥، ٢٦، ٢٧، ٢٨، ٢٩)دا، بەهەمان شێوەی دیالۆگی پیشوو، دەبینین پارچەکانی دابەشبووە بەسەر چەند لاپەڕەیەکدا و چەندین بڕگەی وەسفی و هەندێ مۆنۆلۆگ و ڕستەی گێڕانەوەی ئاسایی کەوتووەتە نێوانیانەوە. ئەمەش وایکردووە ناوبڕ بکەوێتە نێوان ڕستەی دیالۆگەکەوە و زەمەنی گوتنەکەی زوو تێنەپەڕێ بۆ ئەوەی هاوتەریبی لە نێوان زەمەنی دیالۆگ لە حیکایەتەکە و زەمەنی گێڕانەوە لەکاتی پیشاندانداندا دروست ببێ. مارتن دەڵێ: "ئەو بەیانییە، دیسان بە دەنگی ئەو بە ئاگاهاتمەوە(...). گوێم لێی دەبوو، چەند جارێک لە نهۆمی خوارەوە بانگی کردم:

ـ مارتن، مارتن.

خۆمم لێ بێدەنگ دەکرد و وەڵامنەدەدایەوە، چاوەڕوان بووم، تەمەنام دەکرد سەرلەنوێ دەست بەگۆرانیچڕین بکاتەوە، لە خەیاڵی خۆمدا گوتم:( دەی، دەی گۆرانی بچڕە، زۆر تامەزرۆی ئەو دەنگەی تۆم).

(...)

دایکم خۆی کرد بە ژووردا و کوپێک قاوەی بەدەستەوە بوو، هات لە تەنیشت جێگەکەمەوە ڕاوەستا، بە پێکەنینەوە گوتی:

ـ بەیانیت باش".

دوا نموونەی دیالۆگ، کە لەم توێژینەوەیەدا دەیخەینە بەرچاو، ئەو دیالۆگەیە کە لە نێوان مارتن و سەلیم عومەری هاوزیندانیدای دروست بووە. سەلیم لەبەر نەخۆشی زۆر باری تەندروستیی دەشێوێ و لەسەر جێگەکەی لەبەر خۆیەوە گۆرانی خەمبارانە دەچڕێ. مارتن

دەیەوێ بە پرسیار بێدەنگی نێوانیان بشکێنێ و گفتوگۆیەک لە نێوانیاندا دروست ببێ. مارتن دەڵێ: " لەسەر جێگەکەی خۆمەوە بانگم لە سەلیم کرد، گوزەران چۆنە؟

لەبەر خۆیەوە و بە دەنگێکی تێکشکاو گوتی:

ـ مفیش حاجة ـ واتە هیچ نییە.

وەڵامێک سەلیم لەو پەڕی بێزاریدا لەگەڵ مندا بەکاری دەهێنا، دوای ئەوەی لەسەر قەرەوێڵەکە دابەزیمە خوارەوە بینیم سەلیم لەسەر دەم لێی کەوتبوو، چاویلکەکەی لە تەنیشتیەوە دانابوو، پاش ئەوەی لە لایەوە دانیشتم، لێم پرسی، ئەوە چییە؟

بێ ئەوەی لێم بڕوانێت، لەبەر خۆیەوە گوتی:

ـ مارتن ئازارم زۆرە، لە جیاتی میزو گوو، خوێنم لەبەر دەڕوا، هەست دەکەم هەموو ئەندامەکانی ناو لەشم داڕزاون و بوون بە خوێن، دەترسم دواساتی ژیانم بێت، ڕۆحم لە جەستەی ماندوو و داڕزامدا بێزارە، ڕۆحکێشەکەم، ئیزرائیل، بە ڕێوەیە بۆ لام.

ـ ئەوە تۆ باسی چی دەکەیت، تەنها مێرووله دەتوانێت ئەو هەستەیان هەبێت، ئێمەی مرۆڤ ئەوەندە پەیوەندیمان لەگەڵ ڕۆحی خۆماندا بەهێز نییە، هەتا بزانین کەی دواساتی ڕۆحدەرچوونمانە لە جەستەمان(...).

ـ هەی بەراز، ئازار کوشتمی، تۆ باسی چیم بۆ دەکەیت؟ مێرووڵەی چی و شتی چی!"

(ئەبراهام: 2019، ل278 ـ 280).

نموونەی ئەو دیالۆگانەی خستمانە بەرچاو، ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە "لە دیالۆگدا کردارەکان هاوکات دەبن لەگەڵ گێڕانەوەیاندا، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی دیالۆگ کە کار دەکات بۆ حزووری زەینی و دەروونیی کارەکتەرەکان، و دەرفەتی ئاخاوتن و ئازادیی باسکردنی خۆیانی پێ دەدات و لە سایە و سێبەری دەسەڵاتی بگێڕەوە ڕزگاریاندەکات". (الكردي: ٢٠٠٦، ص٩٢). بە واتایەکی دی، ئەو دیالۆگانەی کارەکتەرەکان ئەنجامی دەدەن، لە کاتی گێڕانەوەیاندا زەمەنی هەردوولا هاوتەریب دەبێت و بە شێوەیەکی ڕێژەیی هەردووکیان زەمەنێکی یەکسان دەخایەنن.

**تەوەرەی سێیەم: وەستانی جووڵەی گێڕانەوە**

بە لابردن و کورتکردنەوە، زەمەنی گوتار (زەمەنی گێڕانەوە) کورتتر دەبێ لە زەمەنی حیکایەت و بەمەش جووڵەی گێڕانەوە خێرا دەکرێتەوە، کەچی بە بەکارهێنانی وەسف؛ وەسفی کارەکتەر و شوێن، جووڵەی ڕووداو تووشی وەستان دەبێ و لەم دۆخەدا زەمەنی کردار دەوەستێت و زەمەنی گوتار درێژە بە خۆی دەدا. بە واتایەکی دی، بەهۆی وەسفەوە زەمەنی حیکایەت دەوەستێت و کورتتر دەبێت بە پێوان لەگەڵ زەمەنی گوتاردا. بگێڕەوە دەست لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان هەڵدەگرێ و خۆی سەرقاڵی وەسفی ڕواڵەت و باری دەروونیی کارەکتەرەکان و وەسفی دەرەوە و ناوەوەی شوێنەکان و کەرەستەکانی ناو ئەو شوێنانە دەکات.

ڕەخنەگران بە شێوەی جیاواز و بەگوێرەی قەناعەتی خۆیان، باسی وەسفیان کردووە و پاشان بەگوێرەی ئەرک دابەشیان کردووە بەسەر دوو جۆری سەرەکیدا؛ کە ئەوانیش وەسفی ڕازێنەرەوە و وەسفی ڕاڤەیین. ژێرار ژنێت، لە باسی ئەرکەکانی وەسفدا، دەڵێ:

"وەسف لە هۆمیرۆسەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بەلای کەمەوە دوو ئەرکی جیاوازی هەبووە:

١- ئەرکی ڕازێنەرەوە: ئەو جۆرە وەسفە فرەوان و تێرەیە کە وەک وەستان یان پشوویەک لە مەیدانی گێڕانەوەدا دەردەکەوێ و ڕۆڵێکی جوانکاریی پەتی دەگێڕێ.

٢- ئەرکی ڕاڤەیی و هێمایی: ئەو جۆرە وەسفەیە کە لەگەڵ بەلزاک لە ژانری ڕۆماندا دەرکەوت. ئەرکێکی ڕاڤەیی و هێمایی هەیە، و لە هەمان کاتدا وەک وەسفی جەستەیی و جل و بەرگ و کەرەستەی ناو ماڵ لای بەلزاک و نووسەرانی ڕیالیزمی (...)، بەمەش وەسف بووە توخمێکی سەرەکی لە پیشاندان یان نواندن"دا (جنیت: ١٩٩٢، ص٧٧).

وەسف گرنگییەکی زۆری لە دامەزراندنی دەقی ڕۆماندا هەیە و تەنانەت بەشداری لە دروستکردنی واتادا دەکات. لەبەر ئەوە ناکرێ بگوترێ: وەسف بەهای نییە یان بەهایەکی لاوەکی لە دەقی ڕۆماندا هەیە. ئەوەتانێ هێنری جێمس لە وتاری (هونەری ڕۆمان)دا پێداگیری لەسەر گرنگیی وەسف دەکات و دەڵێ: "ناچێتە عەقڵمەوە، لە هەر ڕۆمانێکدا کە شایانی ئەوەبێ

قسەی لەسەر بکرێ، هەرگیز پارچە وەسفێکی تێدا هەبێ بۆ ئامانجی گێڕانەوە نەبێ. هەروەها هیچ ڕاستییەک لە هەر جۆرێک بێ بەشداری لە سروشتی ڕووداودا نەکات و ڕووداوێک نییە بایەخی هەبێ بۆ سەرکەوتنی بەرهەمێکی هونەری ئەگەر ژیان نەنوێنێ". (جیمس وآخرون: ١٩٧١، ص٨٣- ٨٤). لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونەدا، ئێمەش بڕوامان بەوە هەیە که وەسف توخمێکی گرنگی ڕۆمانە و گەلێک لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و واقیعی ژیانی کارەکتەرەکان لە شوێندا بەرجەستە دەکات و بە سەردەمی ڕووداوەکانیەوە گرێدەدا و ڕۆشنایی دەخاتە سەر ناسنامەی نەتەوەیی و ژیاری و کلتووری و ئاینیی کارەکتەرەکانی ڕۆمان و ئەمەش بە شێوەیەکی دیار و بەرچاو لە ڕۆمانی (شەوگەڕەکان)دا کاری لەسەرکراوە. هەروەها وەسف هەوڵێکی ڕۆماننووسە بۆ ئەوەی وێنەیەکی زیندووی کارەکتەر پیشانبدات و بارودۆخی ژیانی ئەو لەناو شوێندا بخاتە بەرچاو. ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتەکانی ڕۆمانی ڕیالیزمی. لەم ڕوانگەشەوە ئەوە ڕەتکراوەتەوە کە وەسف تەنیا ڕۆڵی دیکۆر بگێڕێت وەک ئەوەی هەندێک ڕەخنەگری تەقلیدی پێداگیرییان لەسەر ئەولایەنە کردووە. لە پەرتووکی (شیعرییەتی گوتاری گێڕانەوە)دا ئەو بۆچوونە پەسندنەکراوە و نووسەرەکەی دەڵێ: "ئەگەر ڕەخنەگرە نەریتییەکان، وەسف بە شێوازێکی سەربەخۆ دەزانن کە تەنیا ئەرکی ڕازانەوەی هەیە وەک تابلۆ، و ئەو پەیکەرانەی خانووی کلاسیکی پێ دەڕازێنرێتەوە، ئەوا ئەم جۆرە لێکدانەوەیە ئەرکی هونەری لە وەسف دادەماڵێ و نکۆڵی لەوە دەکات کە وەسف دەتوانێ بلکێ بە بەرهەمی ئەدەبییەوە. ڕۆماننووسە ڕیالیزمییەکان ئەرکێکی زۆر گرنگیان دایە وەسف، ئەویش ئاشکراکردنی ژیانی دەروونیی کارەکتەرە، و ئاماژەکردنە بە سروشت و مەزاجی ئەوان، شانبەشانی پێدانی هەستی واقیعی بە ڕووداوەکان" (عزام: ٢٠٠٥، ص٦٩).

هەندێ جار وەسف پەیوەندیی نێوان کارەکتەر و ڕووداو دروستدەکات، وێنەی کارەکتەر دەکێشێ و زەمینە بۆ هزر و هەڵوێستەکانی سازدەکات. لابردنی برگە وەسفییەکان لە دەقی ڕۆمانێکی سەرکەوتوودا دەبێتە هۆی داڕووخانی تەواوی تەلاری هونەری و واتایی دەقی ئەو ڕۆمانە.

وەسف ئاستی ڕۆشنبیری و بژیوی و پلەی کۆمەڵایەتی و باری دەروونیی کارەکتەرەکانمان بۆ ئاشکرا دەکات. ئەمەش بایەخ و گرنگیی وەسفمان بۆ دووباتدەکاتەوە. فلۆپێر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە "وەسف بێبەهانە بەکارنایەت، بەڵکو هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی خزمەتی بنیاتی کارەکتەر دەکات و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ڕۆڵی لە پەرەسەندنی ڕووداودا هەیە، بەم جۆرەش هەموو توخمە پێکهێنەرەکانی دەق پێکەوە دەلکێن و بەشە جیاوازەکانی دەبنە ئاوێنەیەک هەریەکەیان ئەوی دی پیشاندەداتەوە لە پێناوی پێشکەشکردنی وێنەیەکی بەرجەستەدا" (سیزا: ٢٠٠٤، ص١١٥).

هەرگیز وەسف و گێڕانەوە لێکجیانابنەوە، ئەگەرچی کاتێک وەسف دەستپێدەکات گێڕانەوەی ڕووداو بۆ ماوەیەکی کورت یان درێژ دەوەستێ، بەڵام وەک گوتمان وەسفی کارەکتەر و شوێن، زەمینە بۆ ڕووداو خۆش دەکەن و وەسف جیاوازیی نێوان کارەکتەرەکان لە ڕووی ژینگە و پەروەردە و ئاستی بژێوی و پایەی کۆمەڵایەتی و سەردەمی ژیان و جۆری بیرکردنەوە و کلتوورەوە دەستنیشاندەکات.

لەبەر ئەوەی ڕۆمانی(شەوگەڕەکان)، ڕۆمانێکی ڕیالیزمییە و ڕۆماننووس دەیەوێ لێرەدا بەراورد لە نێوان دوو کۆمەڵگە، ڕۆژئاوا، و ڕۆژهەڵات، دوو دەسەڵاتی جیاواز، لیبراڵ و ستەمکار بکات، بۆ ئەمەش هۆڵەندا و میسری کردووەتە نموونە، بۆیە دەبینین لەڕێی دیالۆگ و وەسفی کارەکتەر و شوێنەوە، ئەو جیاوازییە وێنە دەکێشێ.

لەم ڕۆمانەدا دەیان بڕگەی وەسفی کورت و درێژ بەرچاو دەکەون؛ هەندێکیان وەسفی ڕواڵەت و ڕووخسار و باری دەروونیی کارەکتەرەکان دەکەن و هەندێکی تریان وەسفی شوێن و ئاووهەوا و ژینگەی گشتی و تایبەتیی نێو ئەو جیهانە دەکەن کە کارەکتەرەکان تێیدا ژیاون. ئەمانەش هەموویان خراونەتە خزمەتی ئەو پەیامەی ڕۆماننووس ویستوویەتی لەڕێی ئەم ڕۆمانەوە بە خوێنەری بگەیەنێ. وەسفەکانیش تەنیا تایبەت نین بە کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە، بەڵام زۆربەیان لەڕێی ئەوەوە پێشکەشکراون، یان لە ڕوانگەی ئەو، و کارەکتەرە لاوەکییەکانەوە هاتوونەتە نێو دەقەکەوە. ئەمەش خاڵێکی گرنگی بنیاتی هونەریی ئەم ڕۆمانەمان

بۆ ڕووندەکاتەوە کەڕۆمانێکی درامییە و لەباتی ئەوەی وەسفەکان لەڕێی بگێڕەوەیەکی هەمووشتزانەوە پێشکەشبکرێن، دەبینین خودی کارەکتەرەکان بە خۆیان ئەم کارە ئەنجامدەدەن، چونکە لەم ڕۆمانەدا بگێڕەوە هەمانشتزانە و نایەوێ بە ئاشکرا خۆی پیشانبدات.

مارتن لە وەسفی (سمکۆ فەرهاد)دا کە کارەکتەرێکی لاوەکی ئەم ڕۆمانەیە و لە یەکێ لە پیاسە و شەوگەڕانەکانی مارتندا یەکتر دەناسن و لە وەسفی بالآ و ڕەنگی قژ و چاو و پێست و تۆنی دەنگی ئەودا دەڵێ: "بە بالآیدا هەڵم ڕوانی و بێ ئەوەی هیچ بڵێم، سەرێکم بۆ ڕاوەشاند، لاوێکی بالآ بەرزی لە شولار ڕێک ، قژێکی ڕەش، چاوەکانی قاوەیی، پێستێکی گەنمڕەنگ، تۆنی دەنگی گڕبوو".(ئەبراهام: 2019، ل34). ئەم کارەکتەرە وەک خۆی لە هەمان لاپەڕەدا ناسنامەی نیشتمانیی خۆی بۆ مارتن ئاشکرا کردووە، خەڵکی کوردستانی عێراقە و ئەم بەشەی کوردستانیش بەردەوام پڕ لە شەڕ و ڕاونان و ڕووخان و کوشتن بووە. لەبەر ئەوە وەک مارتن دەڵێ پاش یەکتر ناسین بەردەوام باسی ئەو دۆخە ناخۆشەی وڵاتەکەی خۆی دەکرد.

مارتن ئەو قسانەی لە زاری (سمکۆ)وە گواستووەتەوە و  دەتوانین بە وەسفێکی دەروونیی ئەو کارەکتەرەی دابنێین. مارتن لەو لاپەڕەیەدا دەڵێ: "ئەو شەو و ڕۆژانەی لەدوای شەو ناسینی من و سمکۆوە گوزەریان کرد، زۆربەیان لەیەک دەچوون، سمکۆ بەردەوام دەربارەی کوشتن، گیران، ڕاونان، ڕووخان، هەروەها تۆقانەوە دەدوا" (ئەبراهام: 2019، ل35). ئەو وەسفەی ڕووخساری سمکۆ زۆر کورتە و بۆ ماوەیەکی کاتی بووەتە هۆی وەستانی جووڵەی گێڕانەوە، چونکە ڕێگر بووە لە دەرکەوتنی ڕووداو، بەڵام ئەو قسانەی کە باسی گرتن و کوشتن و ڕاونان و ڕووخان دەکەن، ئاماژەن بۆ تراژیدیای ژیانی میللەتی کورد لەسەر دەستی ڕژێمە ستەمکارەکانی عێراق، ئەگەرچی ڕۆماننووس ڕاشکاوانە ئاماژەی بەو دۆخە سیاسییە نەداوە.

وەسف لەم ڕۆمانەدا، تەنیا کارەکتەرە ناسراوەکانی نەگرتووەتەوە، بەڵکو تەنانەت وەسفی کارەکتەری نەناسراویشی لەخۆگرتووە، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش هاتبنە سەر شانۆی ڕووداوەکان. بۆ نموونە کاتێ مارتن بە فڕۆکە لە هۆڵەنداوە بۆ میسر دەچێ، لەناو فڕۆکەکە زەلامێکی زل و کەتە دەکەوێتە شانی ئەو. مارتن لە وەسفی ئەو زەلامەدا دەڵێ: "چاوم

لە دەرەوە بڕیبوو، خەیاڵم لای دایکم بوو، شێوەی لە پێشچاومدا ون نەدەبوو، تادەهات ڕوخساری تێکشکاوی و ئەو سارد و سڕییەی لە بەرانبەر مندا، قورسایی خۆیان دەخستە سەر ڕۆحم، ڕاپەڕیم لە قورسیی جەستەی کەسێک، شانی توند بەرشانم کەوت، کابرایەکی گەنمڕەنگی قژلوول زۆر قەڵەو، هەوڵیدەدا جێگەی خۆی بکاتەوە، جەستەیەکی ناقۆڵا و بێئەندازە زل، هەناسەی لەبەر بڕابوو، ئارەقەی بن باڵەکانی، لەگەڵ هەموو جووڵانەوەیەکیدا لووتەکانمی ـ لووتمی ـ پڕ دەکرد لە بۆنی جەستەیەکی نیوەمردوو، قورساییان لەسەر زەینم کرد و لە خەیاڵمیان دابڕیم، بەجۆرێک کە دایکمی لە بیر بردمەوە"(ئەبراهام: 2019، ل52 ـ53).. ئەم وەسفە تاڕادەیەک لە وەسفکردنەکەی سمکۆ فەرهاد درێژترە. واتە تا ماوەیەکی زیاتر جووڵەی گێڕانەوەی ڕووداوی ڕاگرتووە. سەرەتا مارتن وەسفی باری تێکشکاو و سارد و سڕییەکەی دایکی دەکات، پاشان دێتە سەر وەسفی ئەو زەلامە بێناوە، دوایی لە ژێر کاریگەریی قورسایی لەش و بۆنی ئارەقەی  ئەو زەلامەدا داوی خەیاڵی دەپچڕێ و دایکی لەبیردەچێتەوە. لەم وەسفەدا، وێنەی دەروونی و وێنەی جەستەیی تێکەڵ بەیەک کراون و ژمارەی دێڕی وەسفەکانی زۆرتر کردووە.

مارتن لە وەسفی دەروونیی خۆی لە زیندان، دەڵێ: "لە بێدەنگیی چواردەورمدا، گوێم لە دەنگی دڵی خۆم بوو، لە قەفەسەی سنگمدا پەلی دەکوتا و خێراتر لە هەموو کاتێکی تر لێی دەدا، زۆری پێ نەچوو، لە خۆمدا گیرم خوارد و بێهۆش کەوتم، یان پێدەچێت ئەوسا خەوم لێ کەوتبێت"(ئەبراهام: 2019، ل85).. ئەم وەسفە دۆخی تەنیایی و ترس و تێکچوونی باری دەروونیی مارتن پیشاندەدات. ئەوەندە ناو زیندانەکە بێدەنگە وای لێهاتووە گوێی لە دەنگی ترپەی دڵی خۆی بێ. ئەم وەسفە دروستکەری واتایە، وەسفێکی دابڕاو و ڕازێنەرەوە نییە، وەسفێکە هێماکانی ترسمان بۆ شیدەکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕووداوی تێدا نییە و بووەتە هۆی وەستانی جووڵەی گێڕانەوەی ڕووداو. لە هەمان کاتدا زەینی خوێنەر ئامادەدەکات بۆ پێشبینیی ڕووداوی نادیار.

لەبەر ئەوەی مارتن چەند مانگێک لە میسر دەخرێتە زیندانەوە، بۆیە زۆرجار لەوێوە لەڕێی فلاشباگەوە زەینی بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە، هەروەها لە گەڕانەوەی ئەو ڕابردووەدا هەندێک دیمەنمان لەڕێی وەسفەوە پێشکەشدەکات. لە یەکێک لەو فلاشباگانەدا کە نۆ لاپەڕەی لەخۆگرتووە، واتە لە لاپەڕە (١٢٦) هەتا لاپەڕە (١٤٢) دەگرێتەوە، دەگەڕێینەوە بۆ ڕۆژی ئاهەنگی دەرچوونی مارتن لە زانکۆ کە چوار ساڵی خایاندووە و بڕوانامەی لە بواری (هونەر و مێژووی هونەر) بەدەستهێناوە. لەو ڕۆژەدا دایکی بەشداریی ئەو ئاهەنگە دەکات و جلی جوان دەپۆشێ و دڵی زۆر خۆش دەبێ. مارتن بەم جۆرە وەسفی جل و بەرگ و جوانیی دایکی دەکات و دەڵێ: "ئەو ڕۆژە دایکم بە جۆرێک خۆی گۆڕیبوو، کە سەرنجی هەموو ئامادەبووانی ڕاکێشابوو، قژە لوول و ڕەشەکەی بەسەر شانیدا بەردابۆوە، عەزییەکی ڕەشی تا سەر سمتی تەسک و لە پێش و پاشەوە، وەک خۆی بە ئەنقەست دڕاندبێتی، فش دیاربوو، بە جۆرێک تایبەتمەندییەکی دابوو بەو باڵا و لەشولارە ڕێکەی (...) منیش زۆر بە شانازییەوە لە شانییەوە ڕاوەستابووم، دەمویست ڕووم لەو خەڵکە بکەم و هاواریان لێ بکەم و بڵێم: خەڵکینە، ئەو ئافرەتە جوانە دایکی منە." (ئەبراهام: 2019، ل127). ئەم وەسفە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە تا چەند ڕووداو پەیوەندی بە وەسفەوە هەیە. ئەم هەموو وەسفی جوانییەی پۆشاک و لەش و لاری دایکی مارتن بەهۆی ڕووداوی ئاهەنگێرانی دەرچوونی مارتنەوە گوتراوە، بۆ ئەوەی لای خوێنەر ئاشکرابێ کە ئەو دایکە چەند کوڕەکەی خۆشدەوێ، لە کاتێکدا ئەو کوڕە نوتفەی تاقیگەیەکی نەخۆشخانەی ئەمستردامە وەک دایکی مارتن لە چاوپێکەتنێکی لەگەڵ گۆڤاری هونەر دانی بەمەدا ناوە و ڕۆماننووس لە لاپەڕە (٣٤٩، ٣٥٠، ٣٥١)دا ئەم بابەتەی بە تێری باسکردووە. هەروەها لەڕێی ئەم وەسفەوە ئەوەش ڕووندەبێتەوە کە مارتن چەند دایکی خۆشدەوێ لە کاتێکدا نازانێ باوکی کێیە. جگە لەوەی کە لەڕێی ئەم وەسفەوە ئاشنای بیرکردنەوە و عەقڵی جیاوازی ئەم دوو کارەکتەرە دەبین، بە تایبەتی ئەگەر بەراوردیان بکەین لەگەڵ عەقڵ و بیرکردنەوەی سەلیم و بنەماڵەکەی سەبارەت بە پەیوەندیی خێزانداری و تەواوی دەزگای خێزان لە ڕوانگەی ئەوانەوە.

وەسف تەنیا پەیوەندی بە کارەکتەرەوە نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی بە هێزی بە شوێنیشەوە هەیە، ئەم دوو پەیوەندییەش پێکەوە کەشی گێڕانەوە لە ڕۆماندا دروستدەکەن. لەبەر ئەوەی شوێن پەیوەندی بە زەمەنیشەوە هەیە، بۆیە گێڕانەوە بەبێ شوێن ناتوانێ بناغەی هونەریی خۆی دامەزرێنێ، چونکە ئەگەر گێڕانەوە "ئامرازی پێکهێنەری جووڵەی زەمەن بێ، ئەوا وەسف ئامرازی پێکهێنەری وێنەی شوێنە، لەبەر ئەوە ڕۆمان ـ هەر ڕۆمانێک ـ دوو ڕەهەندی هەیە: یەکێکیان ئاسۆییە و ئاماژە بە چۆنیەتیی پێکهێنانی زەمەن دەکات، و ئەوی دیکە ستوونییە و ئاماژە بەو شوێنە دەکات کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدەن. لەڕێی گەیشتنی گێڕانەوە، و وەسفیشەوە فەزای ڕۆمان دروستدەبێ" (لحمداني: بدون سنة الطبع، ص٨٠).

شوێن لە ڕۆمانی سنووری توێژینەوەکەماندا گەلێ زۆرە، هەندێکیان دەکەونە سەر ڕێی گوزەر و هەندێکیان دەبنە جێی جێگیربوونی کارەکتەر و بەهۆی ئەوانەوە ڕووداوی خوازراو و ڕووداوی نەخوازراو ڕوودەدەن. لەبەر ئەوەی ئەمستردام بە شەقام و قاوەخانە و یانەی شەوانی ڕابواردن، هەروەها ماڵی مارتن وەک ماڵی منالێ و خێزانی و هونەری، و ماڵ و زیندان لە میسر بە هەموو نەهامەتی و ئەشکەنجە و ناخۆشییەکانییەوە بوونەتە بناغەی ژیان و جووڵە و تێڕامان و خۆشبەختی و تێکشکانەکانی کارەکتەر، بۆیە ئێمەش لێرەدا نموونەی چەند وەسفێکی ئەو شوێنانە وەردەگرین و شیکردنەوەیان بۆ دەکەین بۆ ئەوەی ڕووی جیاوازیی ژیان و بیرکردنەوە و ڕەفتاری کارەکتەرەکانمان بۆ ڕوونببێتەوە. جگە لەوەی کە بزانین تا چەند ئەو وەسفانە دەبنە هۆکاری وەستانی جووڵەی گێڕانەوەی ڕووداو لەم ڕۆمانەدا.

لە وەسفێکی دیمەنی ناو چێشتخانەکەی ماڵی مارتندا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە مرۆڤ لە وڵاتی هۆڵەندا چۆن دەژین. مارتن دەڵێ: "لە بەینی من و ئەواندا ـ مەبەستی لە دایکی و دۆستەکەی دایکێتی ـ مێزێکی داریی قاوەیی چوار نەفەری نانخواردن هەبوو، لەسەر مێزەکە دوو شووشەی شەراب دانرابوو، یەکێکیان پڕو ئەوی تریان هێندەی قورگی پێ تەڕ بکەیت، لە بنیدا مابوو، دوو پەرداخی ملبەرز، لە سێبەری شووشەی شەرابەکاندا بوون، پەرداخەکان ئاسەواری شەرابی سوور بەلێویانەوە دیاربوو"(ئەبراهام: 2019، ل5).. ئەگەر بەراوردی

شێوەی ژیانی ناو ئەم ماڵ و چێشتخانەیە بکەین لەگەڵ شێوەی ماڵ و چێشتخانەکەی ماڵی سەلیم عومەری میسریدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوان لە چ نەهامەتییەکدا ژیاون.

وەسفی ئەو ماڵە زۆر درێژە و یەک لاپەڕەی تەواو دەگرێتەوە. ماڵەکە کۆنە و پڕە لە ژوور و کەس بۆی نییە بچێتە هەندێ لە ژوورەکانەوە. باوک سەرچاوەی یەکەمی دەسەڵاتە و چارەنووسی ئەوانی دی لە لایەن ئەمەوە بڕیاری لەسەر دەدرێ. خانووەکە دەڵێی زیندانە، پاسەوانی هەیە، لێدان و سووکایەتیپێکردن یەکێکە لە دیاردەکانی ژیانی ڕۆژانەی نێو ئەو خانووە. ئەوەی ئێمە بۆ بەراورد لە نێوان ژیانی هەردوو بنەماڵەکەدا وەریدەگرین، تایبەتی دەکەین بە ژووری چێشتخانەکەی ئەم بنەماڵە میسرییە کە خودی سەلیم پێشکەشیدەکات و دەڵێ: "چێشتحانەکەمان لەگەڵ ئەوەدا زۆر گەورە بوو، دەرگای ژوورێکیشی دەکەوتە سەر، کە ژووری زەخیرەمان پێدەگوت، زۆر جاریش باوکم ژنەکان و فاتمەی تێدا بەنددەکرد" (ئەبراهام: 2019، ل213ـ214).. لێرەوە لەڕێی ئەم پارچە وەسفە کورتەوە بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن شوێن گوزارشت لە عەقڵ و دەسەڵاتی مرۆڤ دەکات. چێشتخانە و ژووری زەخیرە لێرەدا نیشانەن بۆ نەهامەتی مرۆڤەکان، کەچی بە گوێرەی ڕوانگەی ڕۆماننووس ماڵ و بە تایبەتی ژووری چێشتخانەکەی ماڵی مارتن نیشانەن بۆ ئازادی و خۆشگوزەرانیی کەسەکان. کەواتە شوێن هەڵگری خەسڵەتەکانی مرۆڤە و وێنەکێشانی دەبێتە پیشاندەری کەسایەتیی ئەوان. لەم بارەیەوە، لە ڕەخنەی ڕۆماندا گوتراوە: "وێنەکێشانی ژینگە و پێکهاتەکانی، لە هەمان کاتدا وێنەکێشانی کارەکتەری ڕۆمانە ـ بە تایبەتی ناوەوەی ژینگە ـ لەوانەیە وەک هەندێ دەربڕینی خوازەیی سەبارەت بە کارەکتەر تەماشابکرێ، ماڵی مرۆڤ درێژەپێدەری خۆیەتی، ئەگەر وەسفی ماڵت کرد، ئەوا وەسفی مرۆڤت کردووە(...) کەواتە ماڵ و خاوەن ماڵ لەیەکدەچن و هەریەکەیان درێژەپێدەری ئەوی دییە" (العاني: ٢٠٠٢، ص١٠ـ ١١).

هەروەها مارتن، لەڕێی وەسفی باخچەکەی ماڵی خۆیانەوە تابلۆیەکی هونەریمان پێشکەشدەکات و دەڵێ: "لە ژوورەکەم دەرچووم، دیاربوو کارل هێشتا خەوتبوو، پاش چەند هەناسەیەک، خۆمم لەناو باخەکماندا دییەوە، هەوایەکی سارد و شێدار دای بەڕووومدا،

هەرێزەکە هێشتا تەڕیی شەونمی شەوی لەسەربوو، گەڵای دەرەختەکان تەڕ دەیاننوواند، هەوای ئەو بەیانییە ئەوەندە شێداربوو، کە تەیمانی جاڵجاڵۆکەکانیش دڵۆپ دڵۆپ شەونمیان لێ دەچوڕا، ڕیزبەندیی دڵۆپی شەونمەکان بەخەتی تەیمانی جاڵجاڵۆکەکانەوە، لە ملوانکەی مەرجان دەچوون، ئەو بەیانییە نە باڵندەیەکم بینی بفڕێ و نەگوێم لەدەنگی جریوەو خوێندنیشیان بوو، لە دوور گوێم لێ بوو زەنگی کەنیسەیەک بێوچان لێی دەدا..." (ئەبراهام: 2019، ل329-330)..

ئەو کۆپلە وەسفییە کردار و ڕووداوی لەخۆنەگرتووە، دوای گێڕانەوەی دەیان ڕووداو وەک پشوویەک خراوەتە نێو دەقەکەوە، ئەمەش ئەرکێکی دیکەی وەسفە کە لەم ڕۆمانەدا پێیدراوە. ئەم جۆرە وەسفەش بۆ خۆی گرنگی و بەهایەکی شیعریی هەیە، جوانیی زمان و هێزی دەربڕینی ڕۆماننووس پیشاندەدات. ڕۆماننووس بۆیە بەکاریهێناوە بۆ ئەوەی جووڵەی ڕووداوەکان ڕابگرێ و نەهێڵێ بە خێرا بەرەوپێشبچن. ئەم جۆرە وەسفە:" ڕووبەرێکی گرنگی چیرۆک لەخۆدەگرێ، جۆرە پشوویەک دروست دەکات کاتێ بگێڕەوەی چیرۆک ڕەوتی ڕووداوەکان ڕادەگرێ، بۆ ئەوەی ڕووبەڕوو لەپێش دیمەنێکمان دابنێ، و دەبێتە مایەی تەشویق، چونکە بگێڕەوە ڕووداوەکان لە هەڵوێستێکی بێ لەنگەردا ڕادەگرێ. هەروەها وەسفی شتەکانمان پیشان دەدات(...)، شوێنەکان دیاریدەکات و پەیوەندیی نێوان کارەکتەر و سروشت ئاشکرا دەکات..." (ابوناظر: ۱۹۷۹، ص۱۳۳).

مارتن ئەوەندە لە زیندان ئازاردرابوو، ئەوەندە ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی بینیبوو، برینەکانی نەک تەنیا لەسەر دەست و پێ و سینگ و سمتی دیاربوون، بەڵکو لەو زیندانە تاریکەی میسردا ڕۆحیشی بریندارکرابوو. لەبەر ئەوە کاتێ لە زیندانیش بە برینداری ڕزگاری دەبێ و دەگەڕێتەوە ماڵی خۆیان لە ئەمستردام، ئەو ترس و ناخۆشییە لە گیانی دەرناچێت و هەروا دەزانێ هێشتا لە بیابانێکی گەرم و چۆڵدایە، تەپ و تۆز بەسەریا دەبارێ و دەنکە لمە گەرمەکانی ئەوێ بەرجەستەی دەکەون و ئازاری دەدەن. مارتن بەم جۆرە وەسفی کاریگەرییەکانی ئەو شوێنە دەکات و دەڵێ: "کارل هێشتا لە نهۆمی سەرەوە بوو، کاتێ لەناو بێدەنگیی ژوورەکەدا و لەسەر کورسییەک چاوەکانم لێک نان و خۆم لێ درێژکرد، کوتوپڕ خۆم

لە بیانێکدا دییەوە، بەردەوام لم بەسەرمدا دەباری، ڕەشەبایەکیش شەپۆلی بەلمەکە دەدا و وەک مزراح بە دەوری خۆمدا دەیخولاندەوە، لەناو ئەو دەریای لمەدا، بێئارام پەلەقاژێ و باڵە کوتەم بوو، دەستم دەکوتا لە چوار دەورم، گڤەی باکە وەک کوتەکێک دەیدا لە پەردەی گوێکانم، دەنکە لمە سوورەوەبووەکانیش، یەکیەک گەرمیی خۆیان لە پێستم دەسوی، بۆنی میزی جرج لووتیان پڕکردبووم، چاوەکانم پڕبوون لەو وردە زیخانەی وەک پشکۆ دەگڕان، چەند جارێک لووتم بەلووتی مەرگدا تەقییەوە"(ئەبراهام: 2019، ل326).. ئەم وەسفەی بیابان و لم و میزی جرج، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بیابانەکانی میسرەوە هەیە. پەیوەندیی بەو زیندانەوە هەیە کە لە ناوەڕاستی بیاباندا بوو، ماوەی چەند مانگێک لەو زیندانەدا تەپ و تۆز لە پەنجەرەی زیندانەکەوە دەهاتە ژوورێ و بەسەر ڕووخساری مارتندا دەڕژا. ڕۆژانە مارتن لەو پەنجەرەوە تەماشای دەرێی دەکرد و جگە لە بیابان و لم، چاوی بە هیچی دی نەدەکەت، کە نیشانەی ژیان بێ. ئەم دیمەنە ئازاری ناخی داوەوە و بە قووڵی کاریان تێ کردووە. لەبەر ئەوە پاش هاتنەوەشی بۆ هۆڵەندا، هەستی دەکرد بۆنی بیابان و میزی جرجی لێدێ. ڕۆژانە خۆی دەشوشت بۆ ئەوەی ئەو بوونەی لێ نەیە، تەنانەت لە ماڵەکەی خۆیشیدا بە زیندەخەون هەروای دەزانی هێشتا لەو بیابانە دەژی. لەڕێی ئەم وەسفەوە، پەیوەندیی نێوان شوێن و کارەکتەر بەرجەستە بووە. کاریگەرییەکانی شوێن لەسەر باری دەروونیی کارەکتەر بە شێوەیەکی تەواو بەردەوامی بە خۆیان دەدەن. ئەم وەسفە بەرهەمهێنەری دوو ڕەهەندە: یەکەمیان دەروونی و ئەوی تریان واتایی. ڕاستە لەم وەسفەدا جووڵەی گێڕانەوە لە شوێنێکدا وەستاوە و ڕووداو جووڵەی نییە، بەڵام وەسفەکە واقیعێک پیشاندەدات، واقیعیەکەش ئەوەیە، مارتن بە بێتاوان ماوەیەکی تەمەنی بەو پەڕی ئازار و ئەشکەنجەوە لەو شوێنەدا بەسەر بردووە. ڕۆماننووس لە ڕێی ئەم وەسفە و کۆی ئەو برگە وەسفییانەی پەیوەندییان بە ژیانی مارتنەوە هەیە لە زینداندا، پەردە هەڵدەماڵێ لەسەر ڕووی دەسەڵات و عەقڵییەتێکی حوکمڕانیی ستەمکار و کردارە قێزەونەکانی ئەو دەسەڵاتە ڕیسوا دەکات.

**ئەنجام:**

- لەم ڕۆمانەدا، ڕۆماننووس تەکنیکی لابردن و کورتکردنەوەی بۆ خێراکردنەوەی گێڕانەوە بەکارهێناوە و ئەو ڕووداوانەی بە گرنگی نەزانیون نەیخستوونەتە نێو دەقەکەوە، یان بە کورتی ئاماژەی پێداون.

- تەکنیکی دیالۆگی وەک ئامرازێک بەکارهێنراوە بۆ هاوسەنگکردنی نێوان زەمەنی حیکایەت و زەمەنی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکەدا.

- ڕۆماننووس بۆ وەستانی جووڵەی کردار کە بەرهەمهێنەری جووڵەی گێڕانەوەیە، پەنای بردووەتە بەر تەکنیکی وەسف؛ چونکە لە کاتی وەسفکردندا جووڵەی گێڕانەوە دەوەستێ.

- نووسەری ئەم ڕۆمانە، بۆ پێشکەشکردنی برگە وەسفییەکان، ڕێی داوە کارەکتەرەکان بەخۆیان ئەم کارە بکەن، چونکە ڕۆمانەکە بنیادێکی درامیی هەیە و لەم جۆرە ڕۆمانانەدا، وەسف بە جۆرە جیاوازەکانییەوە لەڕێی بگێڕەوەوە پێشکەشناکرێن.

- لەم ڕۆمانەدا، کە ڕۆمانێکی ڕیالیزمییە، ڕۆماننووس لەڕێی وەسفی کارەکتەر و شوێنەوە ویستوویەتی واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی و جیاوازیی نێوان هزر و کردار و ڕەفتاری کارەکتەرەکان بە گوێرەی ژینگەی کۆمەڵایەتی و جیاوازیی دەسەڵاتە سیاسییەکان بخاتەڕوو.

- وەسف لەم ڕۆمانەدا، ڕۆڵی دیکۆر ناگێڕێ، بەڵکو ناسنامەی خودی و نیشتمانی و کلتووریی کارەکتەرەکان ئاشکرا دەکات؛ ئەگەرچی لە هەندێ شوێندا وەک پشوویەک بەکارهاتووە، هەروەها برگە وەسفییەکان ڕۆڵیان هەبووە لە بەرهەمهێنانی واتادا.

**پەراوێز:**

١. ڕۆمانی (شەوگەڕەکان) بە نۆبەرەی ڕۆمانەکانی (میران ئەبراهام) دادەنرێ. کە پاشان دوو ڕۆمانی دیکەی بڵاوکردوونەتەوە، هەروەها لە ساڵی (2023 ) و (خەمی مەستوورە ـ ٢٠٢٠)بە ناوی (نیشتمانی سارا ـ ٢٠١٩ ئەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە چاپی دووەمی ڕۆمانی (خانەقای میرزا)ی بڵاوکردووەتەوە. لە نووسینی بڵاوکراوەتەوە. لە لایەن (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە)وە) کە لە ساڵی (٢٠١٩ ڕۆمانەکە بەستووە

## لیستی سەرچاوەکان:


أ- پەرتووک بە زمانی کوردی:

- ئەبراهام، میران:٢٠١٩، شەوگەڕەکان، ڕۆمان، چاپخانەی ئەندێشە، چاپی دووەم، سلێمانی.

ب - پەرتووک بە زمانی عەرەبی:

- ابوناضر، موريس: ١٩٧٩، الألسنية والنقد الأدبي في النظرية والممارسة، دار النهار للنشر، بيروت.
- العاني، شجاع مسلم: ٢٠٠، البناء الفني في الرواية العربية في العراق، الجزء الثاني، الوصف وبناء المكان، دار الشؤون الثقافية العامة، الطبعة الاولى، بغداد.
- الكردي، عبدالرحيم: ٢٠٠٦، الراوي والنص القصصي، منشورات الآداب، الطبعة الاولى، القاهرة.
- إيكو، أمبرتو: ٢٠٠٥، ٦ نزهات في غابة السرد، ترجمة: سعيد بنكراد، المركز الثقافي العربي، الطبعة الاولى، الدار البيضاء وبيروت.
- تودوروف، تزفيطان: ١٩٩٢، مقولات السرد الأدبي، ترجمة: الحسين سحبان و فؤاد صفا، دراسة منشورة في كتاب: طرائق تحليل السرد الأدبي، منشورات اتحاد كتاب المغرب، الطبعة الاولى، الرباط.
- جنيت، جيرار: ١٩٩٢، حدود السرد، ترجمة: بنعيسى بوحمالة، دراسة منشورة في كتاب: طرائق تحليل السرد الأدبي، جمع ومشاركة: تزفيتان تودوروف، منشورات اتحاد كتاب المغرب، الطبعة الاولى، الرباط.
- جيمس، هينري وآخرون: ١٩٧١، نظرية الرواية في الأدب الانجليزي الحديث، مجموعة دراسات، ترجمة: انجيل بطرس سمعان، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر.
- طودوروف، تزفيتان: ١٩٩٠، الشعرية، ترجمة: شكري المبخوت ورجاء بن سلامة، دار توبقال للنشر، الطبعة الثانية، الدار البيضاء - المغرب.
- عزام، محمد: ٢٠٠٥، شعرية الخطاب السردي، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق.
- فضل، صلاح: ١٩٩٢، أساليب السرد في الرواية العربية، دار سعاد الصباح، الطبعة الاولى، الكويت.
- قاسم، سيزا: ٢٠٠٤، بناء الرواية، دراسة مقارنة في ثلاثية نجيب محفوظ، مكتبة الأسرة، بلا مكان الطبع.
- لحمداني، حميد: بدون سنة الطبع، بنية النص السردي من منظور النقد الأدبي، المركز الثقافي العربي، بيروت.

## حركة السرد في رواية (السائرون في الليل)

### ملخص البحث:

في كل نص روائي حركتان رئيستان تشكلان معا ما يسمى في النقد السردي بايقاع السرد.وتعملان باتجاهين مختلفين؛ اذ تؤدي احدهما الى تسريع حركة السرد، أما الثانية فتوقف هذه الحركة. يتم تسريع حركة السرد بتقنيتن هما: الحذف والتلخيص، أما الايقاف فيتم عن طريق تقنية الوصف، وما عدا تلكما التقنيتين هناك تقنية اخرى تؤدي الى خلق توازن بين التسريع والايقاف تسمى بتقنية المشهد. هذه التقنيات كلها تعمل على تنظيم الحركة الداخلية للنص أثناء سرده. في دراستنا لحركة النص اتخذنا رواية (شەوگەڕەکان ـ السائرون في الليل) للكاتب الروائي الكردي (ميران أبراهام) أنموذجا تطبيقيا لغرض معرفة دور تلك التقنيات في تنظيم ايقاع السرد في تلك الرواية. وذلك عبر التحدث عن أهم التقنيات المعروفة في النقد السردي بتقنية (الحذف، التلخيص، المشهد، والوصف) لمعرفة كيفية تنظيم الايقاع الداخلي المعتمد من قبل الروائي المذكور. ويتألف بحثنا هذا من ثلاثة محاور. تناولنا في الاول منها تقنيات تسريع السرد. وفي الثاني منها تناولنا تقنية توازن حركة السرد عن طريق المشهد واتخذنا الحوار سبيلا لذلك. أما الثالث فخصصناه للتحدث عن تقنية ايقاف حركة السرد باتخاذ الوصف أنموذجا لذلك. وقد اعتمدنا في كتابة هذا البحث منهج النقد التكاملي ايمانا منا بأن الشكل والمضمون يشكلان وحدة متكاملة لايمكن عزل بعضهما عن بعض؛ وخاصة أثناء حديثنا عن تقنية الحوار والوصف اللتين تشغلان مساحة كبيرة في النص الروائي وتعملان على ولادة الدلالات الاجتماعية ومنها على وجه الخصوص الدلالات الفكرية التي تؤدي الى بروز الأختلاف في الرؤيا عند الشخصيات أثناء مشاركتها في صناعة الحدث وتطور الصراع الدرامي داخل النص.

الكلمات المفتاحية: حركة السرد، الحذف،التلخيص، الحوار، الوصف، السائرون في الليل.